


اسۆ حیدەری،حمید بدرخان،یوسف مەنتک،د.فەرهاد شاکەلی،شاعیر دلشاد عبداللە،جمال خزنەدار،تامان شاکر

## شاندی مێوانانی کوردستان و وولاتانی ئەوروپا گەیشتنە پێشانگای پەرتووکی فرانکفۆرت بۆ پێشکەشکردنی چەندین بابەتی هەمەجۆر

ئە مرۆ لە خالی بە یەک گەیشتنەوەی ڕوناکبیرانی جیهانی،کە پیشانگای نیودەولەتی پەرتووکی فرانکفۆرتە روناکبیرانی کوردیش گەیشتن،جێگەی خۆشحالیە کە کوردیش لەم کۆبونەوە کلتوریە ئامادە دەبن بۆ سوود مەند بوون لە کلتوری نەتەوەکانی جیهان وپەیوەندی کردن وشارەزابون وتێکەلی وقازانج لە لایەنەکانی داهێنانی ئەدەبی وپرۆژەی ئابوری وکاری دبلۆ ماسی جیهانی.
هەر بەم بۆ نەیەوە رووناکبیرانی کورد گەیشتن کە بریتی بوون لە: شاندی کوردستان کە پێکهاتبوو لە شاعیر دلشاد عبداللە ی ڕاوێژکاری روناکبیری جێگری سەرۆکی هەرێم وسەرنوسەری گۆڤاری ئایندەوئەندامی ئەنجومەنی بە ڕێوە بردنی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، حمید بەدر خان سەرۆکی دەزگای چاپ وپەخشی بەدرخان.
مێوانانی لە ئەوروپاوە هاتبون : دکتۆر فەرهاد شاکەلی/سوید،نوسەرو ڕوناکبیر ئەحمەدی مەلا/ئەسپانیا،دکتۆر نەجاتی عبداللە/فرەنسا،دکتۆر زۆراب بۆدی ئالۆیان،لە ئەلمانیا.
بەیانی ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 13،10ئەم سمینارانە بە ئامادە بونی شاعیر دلشاد عبداللە وحمید بدرخان وچەندین کەسایەتی وڕوناکبیری ناسراوی کوردوبیانی وهاوولاتیانی کورد پێشکەش دەکرێن:

1- دکتۆر فەرهاد شاکەلی/ بابەتی کۆڕ دەسەلات ورۆشنبیر
2- ئەحمەدی مەلا/بابەتی کۆڕ شیزۆفرینای شارستانیەتی کوردی لە نیوان ڕۆشنبیری گەردوونیورۆشنبیری تایبەت دا
3- دکتۆر زۆراب بودی ئالۆیان کوردی جۆرجیا، دانیشتوی ئەلمانیا، خاوەنی دوو بڕوانامە لە بواری مێژوو مێژووی ئاین،بابەتی کۆڕ/ ڕێکخستنی ڕۆشنبیری کورد لە مەیدانی نێو نەتەوەیی دا
4- دکتۆر نەجاتی عبداللە/ بابەتی کۆڕ سەفەر نامەی گەڕۆکە ڕۆژهەلاتناسە فرەنسیەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی کورد
5- کەمال بورقای/ چەند ووشەیەک سەبارەت بەرەوشی ڕۆشنبیری کوردی

- له داهاتودا زانیاری زیاتر سەبارەت بە چالاکیەکانی کورد لە پێشانگای پەرتووکی فرانکفۆرت ڕادەگەیەنین.



ئەحمەدی مەلا،یوسف

**یوسف مەنتک ،فرانکفۆرت /ئەلمانیا**